یەکێک لە کەرەستەکانی ڕێگەگرتن بە تراژیدیا گەورەکانی کۆمەڵکوژی،دۆکۆمێنت کردنی تراژیدیاکانی ڕابردووە،لە زمانی ئەو مرۆڤانەی کەلە نێو کارەساتەکە بوون،ئەزموونێک کە ئەو مرۆڤانە بە چاوی خۆیان بینیویانە،تەنیا گێرانەوەی بیرەوەریەکی تاڵ نیەلەمردن و سوکایەتی بە مرۆڤ وژیان، بەڵکو سەرقاڵ بوونێکە نەک تەنیا دەکرێتە دۆکۆمێنت بۆ پێداویستە قانونیەکانی ئەم تراژیدیایە،بەڵکو پرۆسەیەکی زیندووی ڕاستگۆی مرۆڤایەتیە،کە کارەسات لە برینی دەروون و بیروەریدا دەردێنێ دەیکا بە مێژووی نووسراوی ئەو کارەساتە.

سایتی دەنگەکان

# برین و دۆکۆمێنت

## لەبیرەوەری بیستەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە دا *


ئەیوب فایەق

ayubfaek@hotmail.com




بیست ساڵ لەمەوپێش دروست لەم ڕۆژەدا و هەر ئەم ئێوارەیە، چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا، لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەدا، فاشستەکان بە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی کۆمەڵکوژی وولآتانی زلهێز و بەئاگاداری ئەوان و بەبەر چاوی میدیاکانی جیهان، خەڵکی بناری شارەزوور و هەورامانیان ژەهر باران کرد.

تەمی مەرگ کۆلآن بەکۆلآن، بەپێدەشت و شاخاکان دا دەگەڕا و پەیامی کۆتایی ژیانی بە هەمووان ڕادەگەیاند،

پەیامێک لە فاشستەکانەوە بۆ سەندنەوەی مافی ژیان لەشارێک،لە ناوچەکە و دەورووبەری...لە گیاندار و بێگیان.

❊ ❊ ❊

ئەوکات شەڕی ماڵوێرانکەری هەردوو وولآت لە دواساتەکانی کۆتایی دا بوو،دروست پاش چەند مانگێک کە"خومەینی" پیاڵە ژەهرەکەی نۆشی و ڕازی بوو شەڕ بوەستێنێ ! بەلآم پاش چی ، شارۆچکەو دێهاتی ئەم بەرو ئەوبەر نەما وێران نەکرێ،ڕمانی دوو وولآت و دوو کۆمەڵگە، کەمئەندام کردن و کوشتنی هەزاران مرۆڤ لە کوورەکانی ئەم شەڕە نەگریسەدا،کە ئێستاش سووتان و ئاسەواری خەڵکی لە هەردوو لا باجەکەی ئەدەنەوە.

هەمووان کوشتار و نەهامەتیەکانی ئەم شەڕە باش دەزانین.زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی هەردوو دیوو، هیوایان بە زرمەی تۆپەکانی ئەم شەڕە بوو، یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی کارەساتی هەڵەبجەش، شەڕو ناکۆکی هەردوو وولآت و پێشلەشکری ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بوو،ئاخر دەسەلآتدارانی فاشستی حکومەتی ئیسلامی ئێران و حکومەتی بەعس کارنامەیان زۆر ئاشکراو روون بوو، ئەی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەلەموغامەرەکانی ئەوسای خۆیان هیچ سڵیان نەکرد ؟ بۆ دەرسیان وەرنەگرت وپێش هێنانی کارەسات ئەم دوو حکومەتیان نەدەناسی ؟؟ بەکام لێکدانەوە و چۆن بیانوویان دا دەستی بەعسیەکان تاکارەسات و مەرگەساتی ئاوەهای لێبکەوێتەوە ؟ (1)

❊ ❊ ❊

هەرکاتێک لەسەر ئەم کارەساتە ئەوەستم ، چەندین دیمەن وەک فلیمێکی بێ کۆتایی لەبەر چاوم دێن و دەچن، نوسینەوەی ئەم ژانە دێرینەو هەمیشە زیندووەی خۆم و کەس وکارەکەم و دراوسێکانمان وخەڵکی ئەم کۆلآن وئەو کوچەی هەڵەبجە لای من گەڕانەوەیە سەر لە نوێ بۆ ئەو ئان و ساتەی مامەڵەی ڕووبەڕم لەگەڵ مەرگی خۆم

وئەوانەی دەروبەرم دەکرد ،من دوای بیست ساڵ بۆم لوا ئەم برینە لە دڵی خۆم دەربێنم،ئەی خۆزگە بە خۆزگە هەموو ئەوانیدیش کە کەمتریان لەمن نەبینێ،دەستیان بە نووسین،دەنگیان بە ڕیکۆرد کردنیکی سادە،ڕوویان بە کامیرایەک شاد بێ و ئەم ژانە بکەینە بیرەوەری هاوبەشی هەمووان، ئەوانەی کەپێکەوە مەرگی خۆمان و هەڵەبجەمان بینی ،بیرەوەری و مەرگی هەزاران مرۆڤی بێتاوانی کورد کە زۆربەیان مناڵ بوون و لە بەهاری 88 کۆتایی بە بەهاری تەمەنیان هێنرا.

ئەم بیرەوەریانە هەرکات وی‌ژدانی من دەهەژێنن و وەکو ئێوە نەفرەت ئەبارێنم، نەفرەت لە گوێی کەڕی دونیا ، لەدەزگا ڕیاکارەکانی ڕاگەیاندن،لەدەسەلاَت داران ، تەنانەت لەوانەیش کەتەرمی پیرۆزی ئێمەیان شاربەشار و وولآت بە وولآت دەگێڕا و دەگێڕن بۆ دەسکەوتی سیاسی و بازرگانی، بۆخۆیان نەک بۆ ئێمە.
ئاخر من چیبکەم لە مەزارێک،کەسەردانیم کردوە ، هەردەلێی گۆشەیەکی میترۆتاونی (2) ئێرەیە و لە دەروازەی شاردا قووت کراوەتەوە ، هەرلەوێش بەڵێنەکان کۆتاییان دێ و لەولاشەوە هەژارانی پاشماوەی کارەسات بۆ نان و ڕووناکی و ئاوی پاک و جێگای حەوانەوە خەوەدەبینن ؟!!!

*** *** ***

ماڵمان لە گەڕەکی پاشا لەتەنیشتی مزگەوتی شافیعی بوو ،ئەو ڕۆژی خەریکی دروست کردنی کەوشی خۆماڵی (کلآش) بووین لە ماڵەوە ، یەکێ لەهاورێکانی خەباتی نهێنی هاتەلامان ووتی :-
(( ئەم شەو هێرش دەست پێ ئەکات )) زۆرکەس دەیزانی ئەو بەهارە شتێک روو ئەدات.( 3 )
لەنێو خۆماندا کەووتینە مقۆ مقۆ ، چی بکەین چی نەکەین ؟!! ئەگەر بەرە و ئێران بڕۆین هێزەکان لەسەر سنوور جمەیان دێ، ئەگەر بەرەو سلێمانی بڕۆین من دەگیرام،چونکە نەچوبومە خزمەتی سەربازی کە لەکوردستان بە (فیراری عەسکەری) 4 هەرچەندە بەشێکی خێزانەکەمان لە سلێمانی بوون لەگەڵ باوکم ،کە خەریکی حەماڵی بوو بۆ بژێوی ژیان.
هەردەهاتین و دەچووین ، چ ڕوو بدات چ ڕوونادات ؟!! ئاخر کام لەو ئۆپۆزسیۆنەی کورد کە چاوساغی پاسداریان کرد بۆ داگیر کردنی هەڵەبجەبیری لای خەڵک بوو ؟ هەموو هێزەکانی خۆیان ئامادەیان تیابوو بۆ دەرباز بوون لەکارەساتێک کە شارەکە چاوەڕوانی دەکرد،تەنها ئێمە هیچمان نیە هیچ !!! بیرمان دەکردەوە ، بیستبوومان بۆ بەرگری لەگازی کووشندەی کیمیاوی ئەگەر خەلۆوز و خوێ تێکەڵ بکەی و بیکەی بە دەمامک ڕەنگە بە کەڵکمان بێت.(5)
بەم ئێوارە درەنگە هیچ ناکری ، هەندێ پێویستیمان پێچایەوە . لە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیەکی نادیاردا، شەو لەکێوەکانی سوورێن و بالآمبۆ وە زرمەی تۆپەکان دەستی پێکرد، دەنگی تەقە نزێک بوویەوە، نزیکترو نزیکتر بوویەوە، ئەبلەق هەموو گیانمان هەر گوێ بوو ،چمان نەدەبینی، هەموو دەترساین ... دەتگوت هەموو لەباوەشی یەکداین.

ڕۆۆژژژ بووویییەوەەەە.سەرم کێشایە کۆلآنەکە، چەند کەسێکم لە ڕێخستنەکانی لایەنێک بینی { ئەوکات لەهەڵەبجە ئەوانەی هەڵسووڕاوی سیاسی سەر بە لایەنی جیاواز بوون، زۆربەیان یەکتریان دەناسی} دەهاتن و دەچوون دیار بوو ڕێخۆشکەری هێزەکانیان بوون کە لەگەڵ هێزەکانی ئێران دا کەناوی (فەجری 10)بوو، قەرارە ئەوان شار کۆنترۆل بکەن .

گەڕامەوە لەسەربانەکەوە بەترسەوە سەرێکم بەرز کردەوەو بینیم لەچەند جێ دووکەڵ بەرز دەبوویەوە. بارەگای ئەمنەکان بەجوانی لێمەوە دیار بوو لەسەر بانەکیانەوە هێشتا هەر(( ئار بی جی)) یان دەوەشاند. کشامەوە ، ئۆقرەم نەگرت و پاش ماوەیەک چوومە دەرەوە، ئەمجار هاورێیەکی خۆمم بینی کە پێشمەرگە بوو، خۆشحاڵ بووین کە سەلامەت بوو ، خۆی کرد بە ماڵماندا و ماسکەکەی( قیناع)دەموچاوی کە بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی حیزبەکەی بە سەریانی دابەش کردبوو،لەگەڵ و تاقم تفەنگەکەی فڕێ دا ئەوناوە، برا بچووکەکەم پێی ووت:( بەڕاستی پەنێکی باشتان دا) ئەویش لە وەڵام دا ووتی:( بەشداری تاوانێکی گەورەم کردووە چی بکەم)!!

چیتر کاتی بیر کردنەوە نەبوو، پاش باسکردنی هەندێ زانیاری لە سەر هەلوومەرجەکە، هەر لە چاوەڕوانیدا دەهاتین و دەچووین.دەنگەدەنگ لە گەڕەک زیادی کرد، تێکەڵ بە گرمەی تۆپەکان بوو بوو، چەند سەربازێکی سوپای شکستەمان بینی بێدەنگ لە کەنار مزگەوتەکە بێ چەک پاڵ کەووتبوون ، چاوەڕێی کۆمەک و بەزەیی لە هەموو کەس بوون و دەپاڕانەوە،دەیانگووت:(ئێمە شەڕمان نەکردوە،سەربازی ئیجبارین ،یارمەتی ..یارمەتی) جلی مەدەنیمان بۆ پەیداکردن .. کە ترسیان کەم بوویەوە ئینجا هەستیان بە برسیەتی کرد.سەربازەکان دەیانگووت : (لە دەرەوەی شار سەربازە دیلەکان ڕیز دەکەن و بە ئاربیجی و بیکەیسی دەیان کوژن )(6)

هەرئەوکاتە بیستمان کە مەلا عەلیش لە مزگەوتی گەورەوە وا بانگەوازی جیهاد دەکات.(7)

*            *            *

شار بە تەواوی داگیرکرا. هێزەکان دابەش بوون، بارەگای ئەمنی بەعس کە دووگەڕەک لە ئێمەوە دوور بوو لەلایەن ئیتلاعاتەوە داگیر کرابوو خەریکی بارکردنی بەڵگەو دۆکۆمێنت وتالانی بوون. یانەکەی مەشرووب خواردنەوەش لەلایەن {بزووتنەوەی ئیسلامی و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عێراقەوە} سووتێنرا دووکەڵی گەیشتە ئاسمان ، بانقی ڕەشیدیش لەلایەن لایەنێکی کوردیەوە گسکی درا.

لای عەسران ماتۆڕسوارەکانی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی عێراقمان بینی،دەگەڕان و بەسەر ژنانیان دەنەڕاند:- (حیجاب بکەن .. ئازادیە ..ئازادی) ! کچەکان دەیان گووت حیجاب چیە؟ ووتمان: ئەوە سەرپۆش ئەڵێن،سەرپۆش

دەیان گووت:-( ئێستە ئێوە ئازادکران ..هەلەبجە دەبێتە - شهرستان استان باختران – ) !!(8)

برا بچووکەکەم بەیەکێکیانی ووت : ئێوە ئەمەتان کرد ئەی بیرتان لای حکومەت نیە چیمان پێ بکات ؟ لەوەڵام دا ووتی: - ( هەرچی ئەبێت با ببێت هەموو پێکەوە دەچینە بەهەشت)!!

هەر ئەم ماتۆڕسوارانە، پاش شەڕ لەگەڵ هێزی شاهۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پاسداران چوونە شەڕی گوردانی شوانی کۆمەڵە.(9)

کەس بەکەس نەبوو بە نێو بارەگاکانی حیزبی بەعس دا دەگەڕام، هاورێکەم دەزگایەکی چاپ و ئێمەش کلاشینکۆفیکمان پەیدا کرد شاردمانەوە بۆ کاتی خۆی. شەو ویستمان دەربچین ، دوو هاورێم بەرێ کەووتن بەرەو بناری شنروێ، بەڵام لەسەر پردی شەهیدان لە کەناری شار پێشمەرگە ڕێگەی لە خەڵک گرتبوو دەربچن گەڕاندبوویاننەوە.(10)

ئەمرۆ شازدەی مانگە،نزیکەی نیوەڕۆیەو زرمەیەکی گەورە هەستا، پارچەیەکی کەوتە سەر سفرەی نانخواردنەکەمان.هەڵهاتین.ڕێژنەی گوللەی فرۆکەکان کۆڵانەکەی لای خوارووی هەڵدەکەند..فلیمی شەڕەکانم دەهاتەوە یاد .. بەهەڵەداوان خۆمان گەیاندە یەکێ لەژێرزەمینە گەورەکانی ناو بازار..جێگا نەبوو ..ئەوەی

بەرامبەریشی هەروەها..بەرەو ڕۆژئاوای شار بەڕێکەوتین، لە ژێرخانی مالانیش جێگە نەبوو .. مالێک دەرگاکەی کرابوویەوە.. چوینە ژێرخانەکەی {ئەوکات لەبەر تۆپ بارانی ئێران زۆربەی مالان ژێرخانیان هەبوو} لەگەڵ مالە دراوسێکەمان دا کە لەگەلمان بوون مات و خامۆش دانیشتین.

لەپڕ بۆن هات، سەرم کێشایە دەرەوە .. وام زانی بتلی غاز تەقیوەتەوە .. چۆلەکەیەک کەوتە خوارەوە .خوشکەکەم ووتی:( نا کیمیاویە) ووتم: ئەمە ئیتر ئەمە ڕۆژە ڕەشەکەیە کە تێی کەوتین..خوشکم دەمامکەکانی کە پێشتر ئامادەکردبوو ..لەسەرووچاوومان بەست ..بەتانیەکی تەڕیشمان بەدەرگای ژێرخاناکادا هەلواسی.

ئەوەندە دەنگی ناپالمەکان گەورە بوو..وامان دەزانی ئێستە مالەکە دەڕووخێت بەسەرمان دا، لەوێش خۆمان نەگرت ووتمان با بچینە قاتی یەکەمی کارگەی تووتنەکە،بینایەکی قاییم بوو.هەموو گێژ بووین ..خەلکانی تریش هەروەها ..کەس سەلامی لەکەس نەدەکرد .. هەریەک بەلایەک دا دەڕۆیشت .. دەکەوت...کەوتن و هەستانەوە..شلەژان و پەشۆکان.. تازە بەتەمای خۆمان نەبووین.. بەلام مرۆڤ کۆڵ نادات .. مرۆڤ ئەگەر بەدەست خۆی بێت بەئاسانی دەست بەرداری مافی ژیان نابێت.ئێمە گەیشتینە شوێنی مەبەست .. مالە دراوسێمان تا ئێستەش نەبینیەوە..یادتان بەخێر.لەنێو کارگەی تووتنەکەدا بەتانیە تەڕەکەمان بەسەرەوەیە..خەلکێکی زۆر ڕووی تێ ئەکرد..بیناکە لەگەڵ زرمەی ناپالمەکاندا دەلەرایەوە..وامان دەزانی لە بیناکە دەدات ..بەلام وا نەبوو.

*　　　　*　　　　*

کات ژمێر شەشی ئێوارەیە دۆخەکە هەندێ کش و مات بوو،هاتینە دەرەوە. بەلام ئێستە دونیا بەو جۆرەی پێشوو نەبوو .. لەبەر دەرگا چەند پاسدارێک کوژرابوون..شار سەرتاپا دووکەڵ و تۆز و وێرانە بوو..ڕێچکەی کۆلانەکان وەک خۆیان نەمابوون .. هەندێ کۆلان داخرابوون .. کۆلانی نوێش درووست بووبوون.گریان و هاوار و پاڕانەوە ، تەرمەکان بێناز کەوتبوون،دەیان گووت ڕۆژی حەشر،ئەمە ئەو ڕۆژەبوو، گەیشتینە مالەوە.. چەند پێداوەیستیەکمان بردوو بەرەو بناری شنروێ بەڕێ کەوتین.

هێشتا دونیا ڕووناک بوو ..لە کەنار شار مزگەوتێک هەبوو ئێواران پیاوانی پیر لە پەنا دیوارەکانیدا دادەنیشتن،ئەم ئێوارەیەش کۆمەلێکی زۆریان نارێک و هەر لە هەمان شوێن دانیشتبوون ،چوومە نزیکەوە هاوارم لێکردن:- هەستن فرسەتە ڕاکەن،گوێم لەوەلام نەبوو، ئیتر تێگەیشتم، بۆ دوا جار بوو لەوێ دانیشتبوون، هەروەکوجاران،هەردەتگوت زیندوون. هەرلەوێ مرۆڤو ئاژەلە مالیەکان پێکەوە ڕەق هەلگەڕابوون..ئاژەلەکانیش ئەمجارە بەپێوە نەبوون، ئاوسا بوون و پێیان ڕوو لە ئاسمان.

*　　　　*　　　　*

لەنێو ئاپوڕەی خەلکیدا دوو منداڵی ژیکەلەی تەمەن دوو سێ سالانمان بینی بەسەر یەکدا کەووتبوون لە برای یەک ئەچوون ، خۆمان نەگرت .. هاوارمان کرد ..یارمەتی کەس وەلامی نەدایەنەوە، هەریەک بەدوای دەردی سەری خۆیەوە بوو، یەکێکیان وەزعی لەوی تر باشتر بوو ...من و براکەم هەلمان گرتن تا کارێزەکە بردمانن دەمووچاویانمان شۆری و هەر لەوێ زۆربانیگەرانیەوە بەجێمان هێشتن.. ئەم کارێزە لەسەر ڕێگای هەمووان بوو ..نازانم ..تۆ بلێی کەسووکاری دۆزیبنیانەوە یان..؟!!

( بەتەنها جێم مەهێلن ئەم شەو زریان دەمچێنێ .. تەم و مژ دام دەپۆشێ مانگە شەو دەمفڕێنێ ...)

*　　　　*　　　　*

بەرەو عەبابەیلێ بەڕێکەوتین.. تاریک داهات ، پشتێنەکەم کردەوە هەردوو خوشک و براکەم باخۆمەوە بەستەوە .. نەبا لە یەکتر بزر بین ، پێم وایە هەر چوارمان نیوە گیانێکمان شێلا ..پاشان بیستمان خەڵکێکی زۆر بزر بووە و هەندێکیان تا هەتاهەتایە،لە لەلۆفەکانی چیای شنروی تراکتۆرەکەی کاک مەجید ناسراو بە (حەسەن زیرەک)مان بینی وەرگەڕابوو دەستێکی قرتابوو لەژێریدا،لە ڕێگە پووورم بەدەم فرمێسک و گریانەوە ووتی : (ماکوانمان لەبەردەم فلان ژێر خان بەجێ هێشت .. نیوە گیان بوو.. تۆبڵێی مابێ) ؟!
پاشان لە ئۆردووگا بینیمانەوە ، ئەوە تۆی ماکوان ؟ باران بووژاندبوویەوە.

* * *

خەڵک لە دەربچەکانی تری شارەوە هەڵهاتبوون قووربانی لەسەر ڕێگاکان و هەموو لایەکەوە زۆربوون بەتایبەتی هیچیان وەک ڕێگای عەنەب زۆر نەبوون، بەشێکی زۆری قوربانیانی هەڵەبجە لەم دەربچەوە بوو، چونکە بە پێچەوانەی ڕێچکەی باوە ڕۆشتبوون ..کە بۆمبە کیمیاویەکان لە پێشیانەوە تەقیبوونەوە .. باکە گازە کوشندەکەی بەرەو خەڵکەکە هێنابوو ..زۆربەیانی سووتان و خنکاندبوو. (11)
لەسەر لووتکەی شنروێ سەرنجی یەک هێڵی ڕەش و درێژ ڕایکێشام هەر لەشارەوە تالای ئێمە خەڵکی شار و دەورووبەری بوون ، وەک نەرمە کاروانی لەشکرێکی گەورەی شکست خواردوو ، وەک ڕێچکە مێروولەی خوار و خێچ ..جمەی دەهات ...قیامەت بوو ،بەلام قیامەتی راستەقینە.. ئاخر نەک مرۆڤ بگرە چ شتێک هەبوو خۆی ڕابگرێ؟!!!
دوا زرمەی ناپاڵم وەک درەختێکی گەورە لای مزگەوتی داروالاحسان ەوە دووکەڵی بەرز بویەوە .. دوا دیمەنی شارمان لە چاو وون بوو ، دوا ئاوڕمان لە دواساتەکانی ئەو ئێوارەیەی هەلەبجە دایەوە،کەشایەتی تاوانێکی گەورەی مێژوو بوو.

* * *

ئەمجار شنروێ،ئەشکەووڵ، سێقڵاتان و چەمی هاوار مژدەی بەهاریان پێ نەبوو .گوڵاڵە،گژوو گیا ،خاک ودارودەوەن بۆنیان بۆنی بەهارە نەبوو ..دەتگوت بۆنی زێرابەکان بەدواتەوەیە،ئەوو دەڤەرە بۆنی پیسی گرتبوو..هەموو گێژوو وورو کاس و ماندوو شەکەت..بەناچاری ملی ڕێگەمان گرتبوو .ژنێکمان بینی پێ پەتی بوو، پێڵاوەکانم داکەندو گۆرەویەکانی خۆمم دا بە ئەو.ژنێکی تریشمان بینی لەپاڵ تاشەبەردێکدا مناڵی دەبوو.
لەناو ئاوەکەی چەمی (هاوار)دا مناڵێکی خنکاوی ساوامان بینی هەرکەس سەرنجێکی بەزەیی دەدایێ و تێدەپەڕی، ووتیان دایکێک دواماچی کۆرپەکەی خۆی کرد و هەڵیدایە ئاوەکەی سیروانەوە ؟!
هەندێ جار بۆنی سێو دەهات.. ژانە سەرێکی قورسمان گرتبوو .. چاومان سوور و ئاوسابوو دانەئەخران ،هەموو شتەکان لەبەچاومان چەندین جار لە قەبارەی خۆیان گەورەتر بوون ، نەماندەتوانی سەیری تیشک بکەین بەتایبەتی ئاگر ،خەریک بوو چاومان دەتەقی، خەومان دەهات بەلام نەماندەتوانی چاومان بنووقێنین.
شەوێکی تریش بەڕێوە بووین،لەملەی گاکوژە بەرەو شێخان شۆڕبووینەوە، بۆنی سێو تیژتر لە بۆنی سروشتی خۆی دەهات، بینیمان بۆمبێکی کیمیاوی لە بنی دار بیەک دا تەقیوەتەوە،(12) دیار بوو هی ڕۆژێک پێشتر بوو نەمان وێرا زۆرنزیک بینەوە، ملی ڕێمان گرت و لە کەناری دواو (دواو مەبەست - دووئاوە - ئەو جێگایەی ڕوباری سیروان لە هەردوو ڕووبار پێک دێت) گیرساینەوە.

ئێرانیەکان خورما و قەترەی چاویان داینێ.دەیان گووت ئەمە کۆمەکە بۆ ئاوارەکان. دەمەو ئێوارە بە میک زەمینی بەرەو پاوە بردیانین بە ئوتوبووسیش بۆ سنغر کلیائی، دەمەو بەیان بوو لە هونەرستانی ئیمام دایان گرتین.. تا ئۆردووگایان بۆ کردینەوە هەرلەوێ ماینەوە.

ئێوارەیەک یەکێک لەبیرم نایەت کێ.. (باقرولحەکیم) بوو هات، لە حەوشەی قوتابخانەکە بەشێکمان کۆبووینەوە ، هەندێ قسەی کرد سەبارەت بە فاجیعەی حەلەبچە و جەرائیمی نظام ، پاشان ووتی:-( ئێستا الحمدولیللا ئێوە ڕزگارتان بووە و سولەیمانیەش ڕزگار دەکەین و نەصبی تەزکاری بۆ شەهیدان درووست دەکەین و مژدەیەکیشم هەیە بۆتان ئەویش ئەوەیە ئێستا دینارێک لە بانک بە 30 هەزار تمەنە من بە دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانم ووتوە بۆ ئێوە بە 35 هەزار تمەن بگۆڕنەوە،(لەکاتێک دا زۆربەئاسانی یەک دینار لەبازاڕدا 70 هەزار تمەنی دەکرد).

پاشان لە بەشی خۆرئاوای شاری سنغر ئۆردوگایان بۆ کردینەوە، شەش مانگی پڕ لە سووکایەتی و کولەمەرگیمان تێدا بردەسەر.لە ئۆردووگا تەنانەت لەسەر گۆرانی گووتنییش ڕاویان دەناین و زیندانیان دەکردین، چەندین کێشە لەسەر حیجابی ئیجباری ،لەسەر کۆمەک دابەش کردن ،گەندەڵی لە گەیاندنی کۆمەکەکان گرتن و ڕاونان ...هتهد ڕوویان دەدا،لەبریتی ئەو کۆمەکانەی بۆ ئاوارەکان لەدەرەوە ئەهات ئێران خۆراک و کەمپووتی ئێکسپایەری ئەداینێ، لەسەرەوە تاخوار بەشێکی تاڵان دەکرا و لەبازار دەفرۆشرایەوە.
تەنانەت ڕێیان دەگرت لەخەڵکی ناوچەکە سەبارەت بەهاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ ئاوارەکان، گرتنی ئەوانەی لایەنگری کۆمەڵە و دیموکرات یان لایەنگری چەپ و حیزبی شیوعی بوون لە نێو ئاوارەکان، شەوێک لەشیرین خەودا هەر ئەم موسوڵمانانەی هاوپەیمانی کوردستان چووبوونە سەر چادرەکانی لایەنگرانی حیزبی شیوعی و زۆر وەحشیانە ئەشکەنجەیان دابوون.لە ئۆردووگا باو بوو سێ مانگ بێ سەروشوێنیان دەکردی و پاشان دەیان گووت (اغا اشتبا بوود ببخشید).لە ئۆردووگا دەیان گووت: لەهەڵەبجە تەنانەت تەرمەکانیشیان ئەتک کردووە، پەنجەی مرۆڤی بێگیانیان بڕیوە بۆ دزینی ئەڵقەی خۆشەویستی، باسکی ژنان بۆ بازنگ، چ جای سەروەت و سامانی خەڵک؟!!!(13)
لە مانگی 10 ی هەمان ساڵدا گەڕاینەوە، پێش کۆتایی لێبوردنە گشتیەکەی کارەساتی ئەنفال.. بە زیلی عەسکەری لە مەرزەوە بەرەو شارۆچکەی عەربەت گواستینیانەوە، ئەوانەی دواکەوتن وەیان پێشتر گەڕابوونەوە هەر لە عەربەتەوە ئەنفال کران (وەک مناڵەکانی حاجی حسێن (حسەشا) کە دراوسێ گەرەک بووین) ئەوانی تریش بەرەو ئۆردووگای باینجان و پاشان بۆ –گردەچاڵ – ی لای هەولێر بێ هیچ خزمەتگوزاریەکی سەرەتایی و بێ بەش بوون لە هەموو مافێکی هاووڵاتی بوون.

* * *

ئەمە چ زەمانێکە وا دڕندانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەگرێ .. مرۆڤ والێ دەکات وا دڵڕەقانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا بکات، بەرژەوەندیەکان پێوانە بن لەبریتی پێوانە مرۆڤایەتیەکان... گەر وەلامتان نی یە هەڵیدەگرم بۆ مێژوو لەگەڵ سەدان و هەزاران گرێ کوێرەی تر...
ئەی ئەوانەی دوێنێ خۆتان گێل کردو بێدەنگیتان هەڵبژارد ، ئەمڕۆ فرمێسکی تیمساحیمان بۆ هەڵمەڕێژن .. بەسە مردوو پەرستن .. بەتەنگ ژیان و گوزەرانی زیندووەکانەوە بچن..با چیتر تەنها برینەکان نەکولێنینەوە، تەنها ڕۆحی پاکی قوربانیان و تەرمەکان نەلاوێنینەوە، ئەمە چ یاساو ڕێسایەک قبووڵی دەکات شارێک بەسەرجەم دانیشتوانەکەیەوە پاش کارەساتێکی ئاوەها، دووربێت لە پێداویستیەکانی ژیان..

لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، دەبا سەرجەم تاوانباران بدرێنە دادگای عادیلانە ،ڕاستە صدام ی دکتاتۆر لەدادگایەکی سیاسی تۆڵەسێندا هەڵواسرا، نەک لەسەر جینۆسایدی گەلێک، بەلآم ئامانج تەنها تۆڵە نەبوو بەڵکو لەنێوبردنی کلتووری بەعسیزمی تۆڵەسێن بوو.
دەبا پێکەوە لەگەڵ دڵسۆزان و بەتەنگەوە هاتووان دا هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی هەڵەبجە و ئەنفال وەک هۆڵۆکۆست و ئەرمەنیەکان، وەک جینۆساید بناسرێ لە ئاستی جیهان.

16 ی مارتی 2008

**ڤانکۆڤەر – کەنەدا**
tawela@live.com

---

**پەراوێزەکان:**

- **ئەم بیرەوەریانەم بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەوە نووسین، شایەنی باسە لە 16 ی مارتی 2008 لە شاری ڤانکۆڤەر – کەنەدا – لە بیستەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەدا کە** Kurdish Canadian club **سازی کردبوو، بەکورتی لەلایەن - سروە فایەق - ەوە خوێنراوەتەوە.**

*                    *                    *.

1 - (بە ووتەی یەکێک لە ڕابەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کۆتایی وتوێژەکانی ناوەراستی هەشتاکاندا سەرانی یەکێتی هەرەشەی هێنانی پاسداریان بۆ سەر کەرکوک لە علی حەسەن مجید کردبوو ئەویش پێی راگەیاندبوون کە یەک ماڵ لە کوردستاندا بە پێوە ناهێڵێت و دڵنیای کردبون گەر کاری لەو بابەتە بکەن جگەلەوەی چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێت لە دژیان یەک گوندیش لە کوردستاندا ناهێڵێت...ڕەوتی ڕووداوەکان سەلماندی کە هەردولا وەفادار بوون بەرامبەر هەڕەشەکانیان، هەم یەکێتی پاسداری هێنایە سەر زەمبور ، هەم ڕژێمیش جگە لە کیمابارانی ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستان ، 4500 گوندیشی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و خەڵکەکەشی لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دەست بەسەرکرد دواتریش ئەنفالی کردن کە تائێستاش سەرەرای تێپەڕبوونی بیست ساڵ هێشتا ئاسەوارەکانی بەشێوەیەکی زەق بە جەستەی کۆمەڵگای کوردستانەوە ماوە.)

2- (میترۆتاون) بازارێکی داخراوی مۆدێرنی گەورەیە لە شاری ڤانکۆڤێر – کەنەدا

3- (بەدرێژای زستانی 1988 هەمو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و بزوتنەوەی ئیسلامی جگە لە حیزبی شیوعی، بەردەوام پاسداریان ئەهێنایە ناوچەکانی شارەزورو قەرەداغ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری جۆراو جۆری سەربازی ،بەجۆرێک کە هیچ مۆڵگاو سەربازخانەیەکی سوپای عێراقی نەمابوو سوپای پاسداران زانیاری ووردی لە سەر نەبێت، ژمارەیان ،جۆری چەکەکانیان، شوێنی چەک و تەقەمەنیان ،تەنانەت هەندێ جێگای مین ڕێژکراویش پێش هێرشەکە پاک کرابونەوە.
( علی شمخانی ) کە ئەوکات لێپرسراوی قەرارگای رەمەزان بوو بۆ سەرپەرشتی کارەکان بە نهێنی بارەگای هێنابووە دوو ئاوی نزیک گوندی شێخانی سەر سنور ، بە درێژایی مانگی شوبات سوپای پاسداران جۆرەها چەک و تەقەمەنی و پێویستیە لۆجیکیەکانی جەنگی بە نهێنی دەهێنایە ناوچەکانی هەڵەبجەو شارەزورو کێوەکانی دەوروبەری ،لەکاتی هێرش بۆسەر هەڵەبجەشدا یەکێک لەو شوێنانە ئەشکەوتەکانی دێی - بۆین - (بۆین ئاوایەکی بچووکە کەوتۆتە نزیک دووئاو سەر سنووری ئێران-عێراق) بوون لە، لە یەکەمین رۆژی هێرشەکەدا علی شامخانی و نوێنەرانی ئەوسای بەرەی کوردستانی...لە دێی بۆێندا سەربەرشتی هێرشەکەیان دەکرد..

ئامانجی ئێران لەم هێرشەدا وێڕای ئامانچی سیاسی، سێ ئامانجی گرنگی سەربازی بوو:

- ئازادکردنی شارەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، دوجەیلە، بیارە و تەوێڵە

- بەرگتن بە هێزەکانی پشتی جەبهەی عێراق لە ناوچەی سلێمانی.

- دابین کردنی هەلوومەرجێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی بەنداوی دەربەندیخان .

4- ئەوکات هەڵەبجەو دەوروبەری ببوە حەشارگەی سەربازی هەڵاتوو لە بەرەکانی جەنگی کۆنەپەرستانە ،تا ئەوکات زیاتر لە نزیکەی 33 هەزار سەربازی هەڵهاتوو لەم ناوچەیەدا خۆیان لە ئاگری شەڕ بەدور گرتببو .

5- چ ئێرانیەکان و چ هێزەکانی بەرەی کوردستانی پێشبینیان کردبوو کە ڕژێم چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە خۆیان ئامادە و تەیار کردبوو! جل و بەرگ و دەمامکی دژی کیمیاوی و دەرزی و دەرمانیان پێبوو، تەنانەت ئۆتۆمبێلی تایبەتی سپی کە تەنکی گازوەشێنی دژی گازی کوشندەی هەڵگرتبوو لەنێو شاردا دەبینران،هەچەندە بەهچ شێوەیەک بەکاریان نەهێنان، وە ڕادەی زیانی گیانی هێزەکانی ئێران و بەرەی کوردستانی زۆرکەم بوو، زیانی گیانی هێزەکانی بەرەی کوردستانی بە پەنجەی دەست ئەژمێران.

6- ( لە نزیک خێڵی حەمە دەیان سەربازی دیلیان بە بیکەیسی کوشت) لەم هێرشەدا 5440 کەس لەهێزەکانی ڕژێمی سەدام لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بەدیل گیران، کە قائیمقامی هەڵەبجەش لەناویان دا بوو.

7- { یەکەمین کاری بزوتنەوە بە سەرپەرشتی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی مەلاعلی، سوتاندنی یانەو بارەکەی هەڵەبجە بوو..
ماوەیەکی زۆر بووگوێمان لە بڵنگۆی مزگەوت نەبوو، چوونکە لەپاش ڕاپەرینی12-5-1987 ی خەڵکی ناوچەکە دژی گواستەوەی ئەو شاروو دێهاتانەی کە تا ئەوکات مابوون ..ڕژێم هەرچی بڵنگۆی مزگەوت هەبوو هەمووی داگرتبوو مەلا نەیدەوێرا بەدەنگی بەرز بانگ بدات.ئەو ڕۆژە کە زۆربەی ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکەوە ..بەڵام هێزی چەکداری ئۆپۆزیسیۆن بە هانایانەوە نەهات..سەرەنجام بوە هۆی گیان لەداست دانی کاکە مەریوانی لاوو بریندار بووونی خەڵکێکی زۆر و ڕووخاندنی گەڕەکی گەورەی کانی عاشقان لەسەردەستی هێزەکانی لیوای 43 بە قیادەی عەلی حسین عبید کە لەناویاندا سەربازی ئەردەنی و یەمەنی دیار بوون، ئەوڕۆژ و شەوە تابەیانی شار ئازاد بوو لەگەڵ زۆربەی خەڵک لەسەر جادەکان تا بەیانی ڕۆژمان کردەوە ، لە هەندی شوێن خەڵک و سەربازەکان پێکەوە بوون لەژێر دروشمی ( کل الجنوود اخواننا لاکن صدام عدوانا) وە دەیانگووت ئەمنەکانیش بۆ تەنگانە جلی کوردیان لەبەر کردوە...هەموو هەوای چەند ساتێکی ئازادیمان هەڵدەمژی... لەبیرمە بۆ ڕۆژی دوایی بە کۆپتەر بانگەوازی خەڵکیان دەکرد دەست لە کاری تێکدەرانە هەڵبرن و شوێن تێکدەران نەکەون ، بەپێچەوانەوە بەر سزای توند دەکەون ، ووتیان ئەوە پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی بووە لە کۆپتەرەکەدا. خەڵکێکی زۆر دەستگیر کران و بەشێکی زۆریان پاشان ئازاد کران،شایانی باسە بریندارەکانی نەخۆشخانەی هەڵەبجە و ئەوانەی بەدیلی لەلای ڕژێم مابوونەوە..لە نزیکی سەربازگە گەورەکەی هەڵەبجە لە نزیک ئاوایی ( بامۆک ) زیندە بەچاڵکرابوون.
ئەوانەی بەردەست نەکەوتین کە زۆربەمان سەربازی هەڵاتوو بووین بەرە و ئەودیوی شنروێ هەڵهاتین..
لە نزیک چەمی هاوار شەڕێک لە نێوان پێشمەرگەو جاشەکان ڕوویدا جاشەکان هەڵهاتن ...
پاشان بێنیمان کە چەک و تەقەمەنیەکی زۆر زۆر لە ئیرانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەکە بەتایبەتی بۆ چەمی هاوار، درووست گواستنەوەو ناردنی ئەم زەخیرە سەربازی یە، سەرەتای پلانی داگیرکردنی هەڵەبجە بوو، بەڵام لە بەر باری نائاسایی و شێواوی ناوچەکە و ئەم ڕاپەرینەی خەڵکی شار و دەوروووبەری، دواکەوت بۆ 14-3-1988 ...کە ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە.. بۆیە ڕژێمی فاشتی عێراق دەمێک بوو بۆ فرسەتێکی وا دەگەڕا کە تۆڵەی خۆی لە خەڵکی ناوچەکە بسەنێ بۆیە داگیرکردنی هەڵەبجە باشترین هەل بوو کە ڕژێم قۆستیەوە}

8 لەسەر دیواری مزگەوتی ابومەسعەب، نوسیان بژی کۆماری ئیسلامی عێراق.
لە نزیک عەنەب تابلۆیەکیان هەڵواسیبو لێی نوسرابو هەڵەبجە 5کم لەژێریشیا نوسرابو کەربەلا 630کم، کەربەلا بۆ ئەمانە بەهەشتی مەوعوزبوو، ئەمانە واگۆشکرابون.

9- هەروەک پێشتر کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بنکەکانی هێزی شاهۆ ی لە ئاوایی (دەرەتفێ) بوون لەلایەن ی.ن.ک وە ئاگادار کرابوو کە ئێران هێرش دەکات و هەڵەبجە و دەوروووبەری داگیر دەکات، بۆیە بنکەکانی خۆی چۆڵ کردبوو و خێزانەکانیانیشیان گواستبوویەوە تەنها بەشێک لەپێشمەرگەکانیان مابوونەوە، بەڵام کۆمەڵە کە بنکەکانی گوردانی شوانی سەر بە تیپی 11 ی سنە لە بیارە بوون،کاتێک کە دەیانەوی بە شەڕ پاشەکشێ بکەن، تووشی شەڕێکی خافڵگیر و نابەرابەرە بوون و بوە هۆی کوژرانی زۆربەیان و بریندار و بەدیل گرتنی چەندینیان لەلایەن ئێرانەوە و پاشان لە زیندانی سنە لە سێدارە دەدرێن، تەنها 2 پێشمەرگەیان ڕزگاریان دەبێت..؟!!

10- خەڵک پێشبینی کارەساتی دەکرد، هەر شەوی یەکەم ژمارەیەکی زۆر خەلکی هەڵەبجە هەوڵی خۆ قوتار کردنیان دا لە ڕێگەی باوەکۆچەک و ڕێگەی سازانەوە بەلام بە فەرمانی لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە خەڵکەکەڕێگەی پێگیراو گەڕێنرایەوە ، ئەوەندەی من ئاگادارب ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بەنیازی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی عێڕاق بوون ، داگیرکردنی هەڵەبجەش وەک هەنگاوی یەکەم تەماشادەکرد و لەپەنای خەڵک دا پێیان وابوو دەتوانن بمێننەوە لێرەوە بانگەوازی حکوومەتی موەقەتە بکەن، بۆیە پێیان خۆش نەبوو خەڵکەکە چۆڵی بکات ، بەڵام کارەساتەکە خەونەکەی تێکدان.

11- ڕژێم بۆ ئەوەی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەلکی شار بکوژێت لەپێشدا بۆردومانێکی خەستی کرد بۆئەوەی خەڵک بچێتە ژێرزەمینەکان، فرۆکەوانەکانی پەیرەوی یاسای کەش ناسیان دەکرد ،دەمەو ئێواران هەمیشە نەسیمی با لە دەرەوەی شار ڕووە ناو شار ڕێچکە ئەبەستێت ، ئەوەبوو ڕژێم ئاگایانە لە پێشدا بە شێوەیەکی بازنەیی قەراغ شاری بۆمباباران کرد ئینجا ناو شار.

12- کیمیاباران تەنها ناوچەی هەڵەبجەی نەگرتەوە بگرە ناوچەکانی دەوروووبەریشی تا سەر سنووری ئێرانیشی گرتبوویەوە.

13- بە دەگمەن ماڵێکی هەڵەبجە هەبوو دەرگاکەیان نەشکاندبێت ، کەم ماڵ هەبوو دزی لێنەکرابێت ، هەموو ئەو هێزانەی لە داگیرکردنی هەڵەبجەدا بەشداریان کرد لە تاڵانیشدا بەشدار بون. یەکێ لە ڕابەرانی بەرچاوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان  پاش چەند ڕۆژ لە کیمیابارانی هەڵەبجە لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئاوایی جێڵە (جێڵە ئاوایەکە لەبناری شنرویَ کەوتۆتە خۆرهەڵاتی هەڵەبجەوە) لە کۆبونەوەی فەرماندەکانی هێزی پ.م دا وتبووی: ( ئافەریم بۆ ئەو قارەمانیەتیەی لە گرتنی هەڵەبجەدا نوانتان و ئافەریم بۆ ئەو دزیەش کە کردتان! هەوەها وتبووی: ڕاستە ئێمە قوربانی زۆرمان داوە بەڵام ئەم کارەساتە سوودی زۆر ئەگەیەنێت بە قەزیەکەمان و بەرەوپێشەوەی ئەبات و میللەتەکەمان بە دنیا ئەناسێنێت!).

بزوتنەوەی ئیسلامی تەرمی زۆرێک لە قوربانیەکانی  بەتایبەت لە گەڕەکی سەراو پاشا کۆ کردبووە و لە شەهیدان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا ناشتبویانن ، ئەو قوربانیانە هەرچی پارەو ئاڵتونیان هەبوو پێیان بوو، پاسدارو سوپای ئێرانیش وەک سەردەمی فتوحاتی ئیسلام هەڵەبجەیان ئەنفال و تاڵان کرد ،نەک هەر ئاسن و دەرگاو پەنجەرەکانی( محەممەرە ) پاش داگیرکردنی شاری محەممەرە لەسەرەتای دەست پێکردنی جەنگی عێراق ئێراندا رژێم فەرهودی ئەو شارەی کردو بەشێک لەو تاڵانیە لە ڕێگەی حاجی.... گەیشتبووە هەڵەبجە. ئێران لەگەڵ باقی کەرەسەتەکانی تردا بردنیەوە!) تەنانەت عەمودی شەقامەکانی شار و بۆری ئاویشیان بە کۆسەرە بڕییەوەو بردیان، ئەم تاڵانیە تەنانەت نەک هەڵەبجە بگرە دەووروبەریشی گرتەوە، بۆنموونە:

لە شارۆچکەی تەوێڵە سێ داینەمۆی گەورەی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا هەبوون کە پێم وایە هی زەمانی ئینگلیز بوون، کە ووزەی کارەبایان ئەدا بە هەرسێ گەڕەکی شارۆچکەی تەوێڵە، ئێران ئاودیوی کردن.

---------------------------------------------------------------------------------------------

پەیامی خومەینی سەبارەت بە داگیرکردنی هەڵەبجە:

اخبار پیروزی ها و حماسه های دلاوران اسلام نه تنها دل ملت ما، که قلب همه مستضعفان و محرومان را شادمان نمود و صدام و عفلقیان و حامیان و اربابان او، خصوصا آمریکا و اسرائیل را عزادار کرد. سلام خالصانه مرا به همه فرماندهان عزیز و شجاع و رزمندگان ظفرمند پیروز سپاه و بسیج و ارتش و هوانیروز و نیروی هوایی و جهادگران دلاور و گمنام و امدادگران و کلیه نیروهای مردمی و کُرد ابلاغ کنید و سلام و تشکر ملت ایران را به مردم شهرهای آزاد شده عراقی که بدون این که حتی یک گلوله هم به طرف آنان و شهرهای آنان شلیک شود، با آغوش باز و فریاد الله اکبر از رزمندگان ما استقبال نمودند، برسانید و به آن ها بگویید که می بینید صدام چگونه دیوانه وار شما و شهرهایتان را بمباران خوشه ای و شیمیایی می کند، و خواهیم دید که جهان خواران چگونه در تبلیغات مسموم خود از کنار این پیروزی های بزرگ و جنایت صدام خواهند گذشت...